# چی تر بکرێ بۆ ئەوەی ئەنفالچییەکان دادگایی بکرێن؟!

سەلام عەبدوڵا

August 12, 2003

ئەوە چەندین ساڵە، ڕێکخراو وکەسانی باوەڕپێکراو لیستی جیاجیا بە ناوی ئەنفالچییەکان بلاْوکردووەتەوە. هیچ مەبەست، بەرژەوەندی، دوژمنکاری و رق و قینەی ڕێکخراوەیی یا تاقەکەسی لە دوای ئەو بلاْوکردنانە نەبووە. بەدرێژایی ئەو ساڵانەش، کەسوکاری قوربانیان و زۆربەی ڕێکخراو، گروپ و حزب و کەساسیەتییەکان چاوەڕوان بوون، ئەو تاوانبارانە دادگایی بکرێن، بەلاْم تا ئێستا تاقە ئەنفالچییەکیش نە دادگایی کراوە، نە لە کارەکانیان دەرکراون، نە دەرگای حزبەکانیان لێ داخراوە، تەنانەت، یەکێك وەك شێخ تاوان(شێخ جەعفەر) پێدەکرێ بگاتە ئۆکرانیا و بەم ڕۆژانەش بە نەرویژ. تا ئێستایش ئەکتی ئەو تاوانبارانە بە خۆگێلکردن چارەسەرکراوە(ئاخر لە کوردستاندا گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆن).

پێشی سێ هەفتەیش، گوایە ئەمریکییەکان سەرچاوەی لیستەیەکن بە ناوی چەندین ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی حزبەکان کە گوایە سیخوڕییان بۆ ڕژێم کردووەو گوایە بە ڕێگای  ئەندامێکی سەرکردایەتی(ینك)ەوە گەیشتووە بە چەند لایەنێك، کە بە بیانووی جیاجیاوەوە ناوەکانیان  پاراستویانە!

لە بارەی ئەم لیستەیە چەند پرسیارێك دێتە پێشەوە:

1/ دەڵێن ئەمریکییەکان ڕێ بە بەعسییەکان نادەن وەك کارمەند کار بکەن، ئەوە چۆنە لە ئاستی"سیخوڕە"زلەکانی بەعس کە ئەمڕۆ لە کوردستان خاوەن دەسەلاْتن، بێدەنگن؟ ئاخر پایەبەرزی حزبی، دەسەلاْتدارەو دەتوانێ زیاد یا کەم گەمەی سیاسی خۆی بکا. بۆچی ئەو کەسانە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە زیندانی و دادگایی ناکرێن یا ناوەکانیان بلاْوناکرێتەوە؟ کامەیان مەترسیدارە، ئەوی یەکەمیان یا دووهەمیان؟

2/ چۆن و بۆچی ئەو بەرپرسە حزبییە تا ئێستا ئەو ناوانەی نەدرکاندووە؟ ئەگەر کەسێك بیبەوێ ئەو لیستەیە بلاْوبکاتەوە، ئەوا دەتوانێ بە ئێمیلی نهێنی یا بە ناوێکی نهێنییەوە لە ژوورەکانی پاڵتاك بلاْوی بکاتەوە و چەندین ڕێگای تر هەن کە دەکرێ بلاْوبکرێتەوە بە بێ ئەوەی کەس بزانێ نێردراوەکەی کێیە. بێ گومان ئەوانەی ناوەکانیان لەلا دەستدەکەوێ، لەو ڕێگاوبانانە شارەزان...

3/ حزبەکان چۆن قبووڵ دەکەن ئەو جۆرە کەسە مەترسیدارانە لە ریزەکانیان بمێننەوە؟ 4/ بۆچی هیچ بەرپرسێك خۆی قوتار ناکا؟ مەبەست ئەوەیە، بۆچی هیچ بەرپرسێك خۆی ناشارێتەوە یا بۆ دەرەوەی کوردستان هەڵنایەت؟

4/ ئەو هەواڵەش بلاْوکرایەوە، گوایە کاك نەوشیروان دادگایەك بۆ لێپێچینەوە لەو کەسانە، دامەزراندووە. لەم بارەیەوە هیچ بلاْوکراوەیەکی رەسمی بلاْونەکراوە. داخۆ بۆچی چەندین ساڵە، دادگایەکی وا بۆ ئەنفالچییەکان دانەمەزراوە؟

5/ گومان لەوەدا نییە کە هەموو حزبەکان کەسی خۆیان بۆ ناو حزبەکانی تر دەخزێنن،

بەلاْم، هەموو پرسیارەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە لیستی وا بوونی نییە و یارییەکی سیاسی بوو بۆ ئاژاوە نانەوە لە کوردستان، بۆ لەکەدارکردنی هەندێ کەسایەتی تێکۆشەری ناو حزبەکان. مەبەست لەم بۆچوونە ئەوە نییە سایتی کوردستانپۆست تاوانبار بکەم.

ئەمڕۆ لێدوان لەبارەی ئەم لیستەیە کپ بووە، کەسیش ئاماژەی بۆ ناکا...!

هەر ئەمڕۆیش لە تۆرێکی ئینتەرنێت، لیستێکی تر بە ناوی سیخوڕە بەعسییەکان بلاْوکراوەتەوە!

چیتر بۆ قوربانییان بکرێ؟

بۆچی پاش تێپەڕبوونی نزیکەی16ساڵ بەسەر ئەنفالەکان، نە پەرلەمان، نە حزب و نە دادپەروەرەکان دەستپێشخەرییەکیان نەکردووە بۆ دادگاییکردنی ئەو تاوانبارانە؟ ئایا دەکرێ پاش15ساڵ چاوەڕوانی، داخوازی دادگاییکردنێکی عادیلانە، بەیاننامەنووسین، ڕوونکردنەوە، سکالاْبەرزکرنەوە و دەیان پرۆتێستی جۆراوجۆر، چیتر چاوەڕوانی بەرپرسەکان بکرێ بۆ سزادانی ئەو تاوانبارانە؟ ئایا کالْتەجاڕی و درۆکردن لە کەل خۆ و بازرگانی و هەڵویستفرۆشتن نییە لە ئاستی قوربانییەکان و کەسوکارەکانیان ئەگەر چیتر ئەم جۆرە چاوەڕوانییەمانە هەبێ؟ چ دادپەروەرێك یا حزب و ئەو ڕێکخراوانە کە ساڵانێکە بۆ ئەنفالکراوەکان چالاکی دەکەن، بە ڕاستگۆییەوە وەلاْمی ئەم پرسیارە دەدا؟ چیتر بکرێ بۆ ئەوەی بە ئامانجەکەمان بگەین و نەگوترێ پەنابردن بۆ زەبروزەنگ لەلایەن کەسوکاری قوربانییەکان کارێکی تیرۆریستییە؟